# ئافرەت لەناو كۆشی تارماييەكی تردا.!!!

حسێن ئەحمەد

من كە سپێدەيەكم بۆت هەبێت
تۆ بۆ شەوێكت بۆم نييە؟
كە گريانێكم بۆت هەبێت
بۆخەندەيەكت بۆم نييە ؟
كە من ماڵێكم بۆت هەبێت
بۆ باوەشێكت بۆم نييە ؟
كەڕۆژگارێكم بۆت هەبێت
بۆچركەيەكت بۆم نييە ؟
ئەی كەسێك لەناوبێدەنگی منەوەشەڕلەگەڵ دەريادا ئەكەيت
كە من گۆرانيم بۆت هەبێت
بۆ ئاوازێكت بۆم نييە؟
كەديوانێكم هی تۆبێت
بۆڕستەيەكت بۆم نييە.؟
كەمن لێوێكم بۆت هەبێت
تۆبۆ ماچێكت بۆم نييە ؟
كە من دڵێكم بۆت هەبێت
بۆتر پەيەكت بۆم نييە؟
يادم كە ئەگەر شتێك لەبارەی خۆتەوە ئەزانيت
يادم كە ئەگەر شتێك لەبارەی منەوە شارەزايت
من دێوانەترين كائين دەروێشێك قسەی لەسەر خودا هەيە
مناڵێك ئولفەتی بە نيگاتەوە گرتووە.
تۆدڕندە ترين ئافرەت تورەيت لەگفتی باكان هانيوە
گرەوت لەفاڵ چييەكان بردۆتەوە.
قام چيت لەجەللاد دزيوە.
ئەی خەم ساردبەرۆچوونی من لەمەرگا
تۆجەنگت لەگەڵ خۆتدايەنورەكان لەخۆتدا بكوژە
تۆجەنگت لەگەڵ گوڵدايە شكۆفەكانت وێران كە
دارستانەكانت بەسەگێك بفرۆشە
كەڕازينيت ڕۆژێك ساباتێكت هەبێت
هەڕاجيكەئەوكتێبەی حەرفێكی لێوە فێر نەبويت

بی سوتێنه كراسی ژێرەوت بدڕە
پێت وانەبێت پۆشتەیی تۆ كار لەمەرگی خوادانـاكات
ئیش ناكات بۆبەربادی من
تۆكەخوێن ڕێژێكی خەستەیت پێت وانەبێت گوناهبار نیت
چون تۆفانەكان موڵكی تۆن
تۆكەنوێژكەرێكی مەستیت گفتوگۆت لەگەڵ ئاودایە
تۆكەتوخمێكی زەلیلیت بێباكیت بەمن دەفرۆشیت
گوناه باریت
تۆكەمەخلوقێكی تەنهایت نەفەس لەدڵی من نادەیت
گوناه باریت
دەی ئافرەت ئەی گونهابارتریت پەری
ئەی پەری ترین گوناهكار
گۆرانییەكانت تاراجكە شەق لەڕنگینی خۆت هەڵدە
مەهێڵە مەودایەك لەبەینی تۆوجەلادێكدا پێ بكەنێت
جەلادێك ناپاكی لەگەڵ تۆ دەكات خوێنی یاسەمین دەڕێژێت
تۆش مەحكوممدەكەیت بەمەرگ دڵم پارچەپارچەدەكەیت,
پیاو كوژێك ژیان بەزەخمەوە ئەكوژێت
تۆش من بەخەندەیەكی مات
باخچەكانت زەرد هەڵگەڕێت ئەی ناپاك بوەرێن
كەچركەیەك بەدیار عاشقیمەوە مات نابیت
كەلەحزەیەك خەونم پڕناكەیت لەمەرجان
كەنەفەسێك لەبێقەراری من نادەیت
من كەڕۆچووم لەعەشقا كەدەنگم لەبێ تۆیدادەلەرزێت
كەغەمگینی وەكوهەتاو ڕۆژێك لەدڵمادەكەوێت
تۆبۆدیارنیت؟
دەستێك بەشانمەوەبگری وپێم بڵێیت كوڕەكە
وای..چەندرۆژێكی ناسكەبۆئەوین
چەندئێوارەیەكی بەرپایەبۆخەیاڵ
من تێربگریم وپێت بڵێم
ئای..سابات ئەم ڕۆم چەند خۆشەبۆپشوو
ئەمرۆم چەندعاشقەبۆماچ.....
وای..سابات ئەم ڕۆم چەند مەجبوورە بەتۆ
ئەمرۆم چەندتەڕە بەخەیاڵ

بۆنایەیت؟ ئەی ناپاك ئەی نابەرپاترین عاشق
کەڕۆژێك ناڵەم نابیستیت ئیترلەکوێیەناسکیت ؟
کەڕۆژێك نام شۆریت بەماچ ئیترکامەیەعاتیفەت ؟
ڕۆژێکیان داپیرەم وتی ئافرەت لەوەناسکترە لێوێکیان بەرکەوێت نەمرن
خودادای ناون بۆباخچە هەرکاتێك وەری بیماڵن
خودادای ناون بۆقەدەر هەرکاتێك پیسبوویبماڵن
خودادای ناون بۆژیان هەرکاتێك ڕژاگسکی یەن
پێم وت داپیرەڕاوەستەئافرەت ناتوانێت عاشق بێت؟
میوەکانی نادات بەکەس ؟ماچ وەکوجکلێت هەڵنادا؟
داپیرە ئافرەت ناسکە؟داپیرەئافرەت تەنیایە؟داپیرەئافرەت شت ئەخوات؟
وای.. داپیرە چەنددڵم گەرمە بۆکچێك
چەندخەونی فڕینم هەیە
سەیرکەداپیرە ڕەنگم لەعاشقا زەردبووە
شێوەم لەخەوناگۆڕاوە
ئەوئەی وت نا..بالەبێ ئیشیدانەمرێت
ئەوئەگەرڕۆژێك عاشق بێت کێگسکی ئێوارەکان بات؟
کێخۆڵی خواکان بڕێژێت؟کێ جێ بۆتەنهایی ڕاخات؟
بەلأم تیاچونی تۆ ناکۆکی ئەمڕۆیە
ئەمڕۆ کەبەعزەلەگەڵ باخچەدا
کەدوژمنەبەڕەنگی وەریوی باران
کەخەمگینەبەکردنەوەی دەرگایەك لەبەهار
ببینەوەك قاچاخچییەکی خەستە سەرمان لەسنوورە کانا تەزیوە
سنووری عەشق ،سنووری ماچ,سنووری ڕاموسانی دڵ
بەلأم ئەی ئەوئافرەتەی لێم دیارە لەناوسنوورەکانی خۆتدائەمریت
لەناوکێڵگەکانی خۆتدا باڵندە میوەکانتە خوات
لەدالأنەکانی خۆتدا پارچەکانت لێ ئەکەوێت
پارچەی دڵ، پارچەی ماچ ، پارچەی بەیانییەکی تر
بەلأم بم بینە ئەوکاتەی پارچەی زەمەنێك هەڵدەگری و
منی تیا لار بومەتەوە
دەست ئەدەیتە پارچەی دڵت وتەنهایی من فیچقە ئەکات
پارچەی ماچ کۆئەکەیتەوەوکەوتنی منی تیا دیارە
دەست ئەدەیتە پارچەی ساڵ و پیرێتی من هارڕەدەکات
بۆپارچەی مانگ دەگەڕێیت وبەدەست خۆتەوەدیل دەبیت

بۆپارچەی زەمەن ئەڕۆیت ودەرگالەژیان دادەخەی
بۆپارچەی ژیان ڕادەکەیت دەرگای مردن ئەکەیتەوە
ئەی ئەوەی پارچەکانتەڕژێت ڕێبەڕژانی دڵ مەیە
مەهێڵەبەختیاریت بڕوات
ئەوەی بەختیاری وندەکات دڵی بەیانی دەشکێنێت
ئەوەی خەندەکانی دەمرێت ئێوارەکان مۆمیا ئەکات
بەڵام من کەشوێنێکم لەتۆیا نییە
کەڕێگایەك نامگەیەنێتەماڵەکەت
بەختەوەرنیم
بەختیاری من ئەوکاتەیە کەتۆلەخۆمدا ئەبینم
کەوەك ماسی بەتۆڕی دڵمەوە ئەبیت
کەوەك شەراب ئاگاییە کانم دیل ئەکەیت
کەوەك ناڵبەدند خەیاڵەکانت ناڵدەکەم
بەختیاری من ئەو کاتەیە کەمانگ ئەهێنمە ژورەکەت
کەپاسەوانی دڵتە کەم سەنگەر لەتەنهایت ئەگرم
بەڵام ئەی تۆ کەبۆن بەدڵمەوە ناکەیت گوناە باریت
کەلەخۆتدا شوێنێکم بۆناکەی تەوە گوناە باریت
کەمەغریبێك ئاوی خەونەکانم نایەیت
دەسکەنەی مردنم ناکەیت لاسکی گوڵە کانم ناسڕیت
باخەکانم بژار ناکەیت سینەم نادەیتە بەرهەتاو گوناە باریت
گوناە باریت ئەی مایەی کوتنە کانی من لەناو مەعرەکەی مردندا
گوناە باریت ئەی مایەی هەڵقر چانی دڵ لەناو جەهەندەمی عەشقا
گوناە باریت گونها باریت